# ئەگەر تورکەکان هاتن. . .

سادق مەنتك

ئەگەر تورکەکان هاتن با چەپلەیان بۆ لێدەین، گوڵبارانیان بکەین بۆ دەبابەکانیان فەرشی کاشان تا کەرکوك راخەین، شیرنایی و شەربەت لەم لاو و ئەولای شەقامەکان بۆیان لە سەر دەست دانێین. با لێرە پشوویەك بدەن، وێنەیەی ئەتاتورك لە سەر بورجە نەوتیەکان هەڵواسن، با ( سیبەل جان) و ( ولیا ئەفشار) بێنن و گەورەترین ئاهەنگ لە کەرکوك ساز بدەن. . . ئینجا کە ئەم خەونەیان هاتە دی با کابووسەکە دەست پێ بکات، خوێنیان لە گەل نەوت تێکەل بکرێت ئاهەنگیان ببێتە شیوەنێکی مێژوویی، ئەتا گورگورەکەی ئێمە وێنەی ئەتاتورکەکەیان بسوتێنێت، لە باکور و باشور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان هەڵمەتێکیان بۆ بێت کە لە جیاتی دەروازەی ئیبراهیم خلیل لە دەروازەی فاو خۆیان ببیننەوە، هەڵبەت ئەگەر برا عەرەبەکان روحمیان پێ بکەن، دەبێ لە باکوریش بەزمێکیان پێبکرێت کەئەجەوید تەندروسترینیان بێت. دەبێ بەزمێك بە ئابوورییە بێوێنەکەیان بکرێت کە نەك هەرلە یەکێتی ئەوروپا بەڵکو لە یەکێتی ئەفریقاش وەرنەگرێن!! ئەمانە دەرسێکی مێژوویان گەرەکە، دەرسێك کە شانازییان بە ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە بیریان بەرێتەوە و ئاخ و ئۆخ لاپەرەی مێژووی نوێیان برازێنێتەوە.

17/2/2003

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت